کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-10-2007 15:10بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## تورکیا چی لە کورد دەوێت؟ ... کاوە ئەمین



وەکو چاوەڕوان دەکرا پەرلەمانی تورکیا داخوازی حکوومەتی ئەردۆگان و جەنراڵەکانی بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرد. پەژراندنی بڕیاری شەڕ لە دژی نەتەوەی کورد جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە تورکیا لەسەر سیاسەتی نکۆڵیکردنی کورد پێدادەگرێت و جگە لە شەڕ هیچ ڕێگایەکی دیکەی لەبەردەم کورد دا نەهێشتۆتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد زیاتر لە دە ساڵە ئاڵای ئاشتی بەرزکردۆتەوە. پارتی کرێکارانی کوردستان لە ساڵی ۱۹۹۳ وە هەتا ئێستا شەش جار تەقەی وەستاندووە و دەستەودامانی زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بووە بۆ ئەوەی کێشەکە بە ئاشتی چارەسەر بکەن، بەڵام نە تورکیا و نە هیچ وڵاتێکی دیکە بە دەم ئەو بانگەوازە ئاشتیاخوازانەیەی کوردوە نەهاتوون. ئەمریکا وەکو زلهێزێک کە بانگاشەی دیموکراتی بوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی پۆزەتیڤی لەمەڕ چارەسەری کێشەی کورد نەهاویشتووە، ئەوە لەکاتێکدایە کە تورکیا بە بەردەوامی مافی گەلی کورد پێشێل دەکات و تیرۆری دەوڵەتی لە ئاستی هەرە بڵندا نەک تەنها لە باکوور بەڵکو لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا پەرە پێ دەدات. فشارەکانی دەوڵەتی تورکی لەسەر باشووری کوردستان زیاتر بۆ ئەوەیە کە حکوومەتی هەرێم تەنگاو بکات و بیانکات بەگژ وەکو ڕۆژنامەیەکی سوێدی نووسیبووی خوشک و براکانیان لە باکوور بەڵام وەکو ئەو ڕۆژنامەیەش ئاماژەی پێکردبوو پێناچێت حکوومەتی کوردستان ئەو داوایەی تورکیا بەجێ بهێنێ هەر ئەوەشە کە تورکیایی شێت و هار کردووە. واتە کورت و کورمانجی تورکیا دەیەوێت کورد بە کورد بەکووشت بدات، ئەوەش نەک لەبەرژەوەندی کورد نییە بەڵکو شەڕێکی وا دەبێتە هۆی ئابڕووچوونێکی سیاسی لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکان و برینێکی قوڵیش دەخاتە جەستەی نەتەوەکەمانەوە کە سارێژبوونی محاڵە.

بە داخەوە مام جەلال لە گفتووگۆیەکدا فەرمووی شەڕی (PKK) لە دژی کورد و تورکیایە، بەڵام ئەی نابێت بپرسین کە ئاخۆ ئەوە کێیە شەڕی دەوێت، ئەوە کێیە کە تەنانەت ڕازی نابێت کوردێک بە زمانی تورکیش داوای ئاشتی بکات و بڵێت من کوردم؟ داگیرکەر ناپرسێت تۆ کێیت و تۆ چیت تەنها یەک شت قبوول دەکەن ئەویش جاشێتییە، ئەوە نییە لە نزیکەی سەد پەرلەمانتاری کوردی سەر بە حزبەکەی ئەردۆگان تەنها یەک کەسیشیان غیرەتی ئەوەیان نەکرد بڵێ نا بۆ هێرشی تورک بۆ سەر باشووری کوردستان. تورکیا کوردی ئاوای دەوێت.

کاتێک سەددام هەڵەبجە و شوێنەکانی تری کوردستانی کیمیاباران کرد نەیپرسی بزانن کێ لەو ناوچانەدا دەژین، گرنگ کورد بکوژرێت، تورکیایش هەمان سیاسەتی هەیە بەرانبەر بە کورد، ئەوان تا ئێستاش ددان نانێن بە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا و تەنانەت بە مام جەلال کە تاکە سەرکۆماری هەڵبژاردەیە لە مێژووی عێراقدا دەڵێن: سەرۆک خێڵ و هەندێکجاریش پێی دەڵێن تیرۆریست. تەنانەت نایانەوێت فڕۆکەکەی مام جەلال بە ئاسمانی ئەو وڵاتەشدا بفڕێت، تەنها لەبەر ئەوەی کوردە، خۆ مام جەلال (PKK) نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەواتە شەڕی تورکیا تەنها لەگەڵ (PKK) نییە بەڵکو ئەوان تەنها کوردێک قبووڵ دەکەن کە سەریان بۆ دانەوێنێ و پێیان بڵێت ئەز خولام.

حکوومەتی مالیکی سەری دای لە شاخەکانی قەندیل کاتێک بە کچ و کوڕانی کورد دەڵێت تیرۆریست و ئامادەیە سووپای عێراق کە تەنانەت ناتوانن دە کیلۆمەتر چوارگۆشەی ناوچەی سەوزی بەغدا بپارێزن، بنێرێت بۆ شەڕی کورد، ئیتر کام سووپا و کام وڵات؟

تورکیا بە هەمان عەقڵیەتی ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە بیر دەکاتەوە، بەڵام نە دنیا دنیای ئەو سەردەمەیە و نە کوردیش کوردی ئەو سەردەمەیە، ئەوەتە هەر لە نێو پەرلەمانەکەی خۆیانەوە کەسێکی وەکو حەسیپ کاپلان کە ئەندام پەڕلەمانی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتییە زۆر بە ئاشکرا و بەبێ هیچ ترسێک بە ئەردۆگان دەڵێت: کاکی موسڵمان نە جەنابت سوڵتانی عوسمانی جارانیت و نە ئێمەیش کۆیلەی بەردەستی جەنابتین.

کورد کە لەو ڕاستییە گەیشتبن ئیدی نە مالیکی و نە سەدان پەرلەمانتاری جاشی کورد لە پەڕلەمانی تورکیا ناتوانن بە هانای تورکیاوە بێن، سەددام کوەیتی داگیرکرد پاش پانزدە ساڵ بردیانە بەر پەتی سێدارە، ئەردۆگان و جەنراڵەکانی تورکیش با هاوساریش بپچڕێنن بەڵام هەر لێغاویان دەکەنەوە، جا درەنگ بێت یان زوو.

ئەوەی کە گرنگ بێت ئەوەیە کە کورد نابێت ئاواتەکانی تورکیا بهێنێتە دی، ئەویش ڕەتکردنەوەی شەڕی کورد و کوردە، تورکیا تەنها کاتێک سەردەکەوێت کە کورد لەیەک دابیڕێت، ئێستا کاتی ئەوەیە کە کورد نیشانی دنیای بدات کە چارەنووسی هەمووومان بەیەکەوە گرێدراوە، ئەگەر بڕیارە ئازاد بین با هەمووومان ئازاد بین دەنا چش با هەموو دنیا هەر بڵێن تیرۆریستین، تیرۆریست بوون ئەگەر لە پێناوی ئازادی و وەدەرنانی کۆلۆنیالیزم بێت، شەرەفێکی گەورەیە بۆ نەتەوەی کۆلۆنی کراو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.